# شاملو

شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو
شاملو



# مرۆڤ، بوونەوەریك لەنێوان دوو ئەبەدیەتدا
# قسەکردن لەسەر شیعری شاملو

نووسینی : رهام بەختیاری ئەسڵ
لەفارسیەوە : ڕێباز مستەفا

قسەکردن لەبارەی شیعری ئەحمەدی شاملو ئازایەتیو بوێریەکی بەئەندازەی ئیرادەی مەزنی ئەو کەلەپیاوەی دنیای ئەدەبی گەرەکە، تاکو بتوانرێ ریچکەیەکی هەرچەندە باریکیش بێ، بەرەو جیهانی فراوانی چەمکە شیعریەکانی ئەو بدۆزینەوە.

یەکێك لەگرنگترین خاڵەکان لەشیعری شاملودا، کە دەشێ خۆی ببێتە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی جیاوازو قووڵ، بریتیە لەچەمکی مەرگو ژیان لەڕوانگەی ئەدەبیی ئەودا.

لەنێوان خاڵی سەرەتاو کۆتاییدا، مرۆڤ قارەمانێکە کە شاملو ستایشی دەکات. مرۆڤێك کە ئەو بۆ چارەنووسو شکۆمەندیەکەی خۆی تێدەکۆشێو ئازایەتی دەنوێنێو بەستایشکردنی چەمکی پیرۆزی ژیان مەرگ لەقاو دەدات.

ئەو جیهانبینیەی شاملو لەسەر بنەمای جۆرێك دیدگای ئەندیشەییو بەپشتبەستن بەئەزموونەکانی ئەوەوە، فۆرم دەگرێ.

بەلای شاملووە باسکردن لەمەرگ تەنها هۆشداریدانە بەکورتخایەنبوونی ژیان، ژیان کە هەستپێکردنەکەی لەسەر بنەمای بەرپرسیاریێتیی مرۆڤەوە جێگیرە، تاکو ئەو مرۆڤە لەمەودای نێوان ئەو دوو خاڵەدا، هەر تەنها وەك بینەرێك بەدیار چرکەساتو تێپەڕبوونی بێهوودەی تەمەن دانەنیشێ. لەراستیدا ژیان بەلای (بامداد)ی شاعیرەوە کایەیەکە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەکەماڵو شکۆمەندیی لەدوای خۆی بەجێبێڵێ.

(بەدواداگەڕان، دۆزینەوەو ئینجا لەخودی خۆتدا بنیادنانی قەڵایەك...)

ئەم مانایە لەخۆگری سەرجەم پەیامی شاملویە لەمەڕ ستایشکردنی ژیانو لەقاودانی مەرگ.

یەکێك لەباشترین ئەو نموونانەی کە دەتوانین لەبارەی ئەو بابەتەی سەرەوە لەبەرهەمەکانی شاملودا سۆراغی



بکرین، شیعرە نایابو بەرزەکەی (لەدەروازەدا)ی ئەوە. لەو شیعرە بەرزەدا، مەرگو ژیان بەشیوەیەکی زۆر سەرنجراکیش ئاویتەی یەکتر کراونو لەو میانەدا ماهیەتو ناسنامەی مرۆڤ لەروانگەی شاعیرەوە شیکراونەتەوەو باسکراون.

ئەو شیعرە دوو بەشی سەرەکی هەیە: لەبەشی یەکەمدا شاملو دەربارەی حەتمیەتی مەرگو پرسیاری هەڵسانەوە قسەدەکاتو لەو روانگەیەوە بەگومانیکی شاعیرانە هەوڵ دەدا ژیانی دوای مردن، بەجۆرە بەردەوامبوونیکی ژیانی سەر زەوی‌و مرۆیی لیکبداتەوە.

بیگومان لەکایە جیاجیا ئاینی، مەزهەبی‌و فەلسەفیەکان، سەبارەت بەژیانی دوای مردنو چۆنیەتی ئەو ژیانە دیدگاو تیروانینی جیاجیا هەن. یەکەم باوەربوونی بیچەندوچوونی پەیرەوکارانی ئاینە ئاسمانیەکانە بەزیندووبوونەوە. دووەم تیروانینی ماتریالیانەی دوور لەباوەرە ئاینیەکانو پیچەوانەی ئەو باوەرانە، ئەوەی دیکەش ئەو هەڵینجانەیە کە لەسەر بنەما مەزەندەیی‌و بیرکردنەوە مەعنەویە مرۆڤگەراو تاکەکەسیەکان جیگیرە. لەو بارەیەوە رەنگبی بتوانین شاملو لەگەڵ بیرمەندانی دوایین گروپ دابنیین، کە هەوڵدەدات بەدیدیکی ئیلهامگرتوو لەژیانی دنیایی پردیك بۆ ئەبەدیەت دروست بکاتو بەهینانەکایەی کەشیك لەودیو راستیە بەرهەستەکانی ناو زەهنیەتی خۆی ویّنابکات.

شیعری (لەدەروازەدا) تیروانینیکی ویناکاری‌و زۆر ئاڵۆزی بۆ مەرگ هەیە، لەو تیروانینەدا شاملو کەشیکی تایبەت وینا دەکات، کە لەگەڵ بەدیهیاتو خورافە باوەکان لەدژایەتیدایەو هەوڵدەدات بوونی سەربەخۆو پیرۆزیەکانی مرۆڤ بەرەسمیەت بناسی‌و وەك بڵیی بەردەوامیی هەمان ئەم ژیانە بەرهەستە لەدوای مەرگیش بۆ مرۆڤ دابنی.

(نەرۆحەکان نەتارماییەکان نەمرۆڤە دەستسپیە پیرۆزەکان
نەدیّوە گاشیوە ئاگرینو ترسناکەکان
نەشەیتانی بوختانپیکراو بەکڵاوی قووچەکی زەنگوڵەداری
نە هەراوزەنای بیپاسایی دنیاداگر
تەنها تۆ بوونیکی رەهای

بوونی بیچەندوچوون، چونکە لەنەبوونی خۆتدا بەردەوام دەبیتو نەبوونت هەبوونی بیچەندوچوونی پەرجووەکانە...)

شاعیر لەشوینیکدا سەبارەت بەمەرگو ژیان دەڵێ"لەراستیدا من پرسی مەرگو ژیانم ساڵەهایە بۆخۆم یەکلایی کردوەتەوەو لەگەڵ هیچکامیاندا کیشەیەکم نییە. مرۆڤ تەواو بەریکەوت دیتە دنیا، بەڵام مردنەکەی حەتمیەو هەمان ئەم لەچارەنووسینەی مەرگە کە مانا بەژیان دەبەخشی. ئەو مرۆڤەی کە بەزانابیەوە ژیاوەو هەمووساتەکانی تەمەنی مانادارن، ئابرووی کۆمەڵگەو مایەی سەربەرزی‌و بەشیکە لەمیژووی میللەتیك"

دەتوانین ئەمە لەو وتەیە تیبگەین کە شاملو سرووودی پرخرۆشی ژیان زۆر لەپەلاماری بیرەحمانەی مەرگ بەبەهادارتر دەزانی‌و لەروانگەی ئەودا، بەهاو پیرۆزیی ژیان لەقووڵایی‌و جۆنایەتیەك دایە کە مرۆڤ بۆ جرکەساتەکانی



تەمەنی خۆی دەستنیشانی دەکات.

(دەبی بوەستی‌و دابەزیت
لەبەردەم دەرگایەك کە هەڵقەریزی پیوە نیە
چونکە ئەگەر لەسەرووەخت هاتبیت دەرگەوان چاوەریی
تۆیەو
ئەگەر ناوەختیش بی وەڵامی لەدەرگادانت نادریتەوە...)

لیرەدا شاملو پەنجە دەخاتە سەر بیئاگایی مرۆڤ لەساتەوەختی حەتمبوونی مەرگ، هەروەك ئاماژەمان پیدا پەنجە دەخاتە سەر حەتمیەتو مسۆگەربوونی ئەو رووداوەش، چونکە تا تەسلیمبوونو خاکەرایی بەرامبەر بەمەرگو قبوڵکردنی نەبی ژیان جوانی‌و بەهای راستەقینەی خۆی نادۆزیتەوە، کەڵکەڵەی شاملو لەو ژیانە ئایدیال‌و دڵخوازەی بریتیە لەعەدالەتو ئازادی. ئەو ئەم ئارەزووە بەباچووەی مرۆڤی هاوچەرخ لەدەروازەی مەرگو لەجیهانیکی دیکەدا بەفۆرمیکی دەنگدەرەوەئاسا بەمشیوەیە وینا دەکات.

## خۆزگە

داوەریەك داوەریەك داوەریەك
لەگۆریّ لەگۆریّ لەگۆریدا دەبوو)

(لەدەروازەدا) ژیان تا ئەو رادەیە مانادارە، کە بتوانی لەژیر سایەی کەرامەتو شکۆمەندیتیی مرۆڤدا، مانا بەپەیامی مرۆڤ ببەخشی و پیوەریش لەپانتایی ئەبەدیەتدا هەمان زەمەنە، کە شاملو وەك داوەریکی بەویژدان ستایشی دەکات.

ژیان لەیادەوەرییەکانی مرۆڤدا، تاکە جەمکیکە کە بەهۆیەوە



دەتوانین لەشیعری (لەدەروازەدا) پەی بەچەمکی ژیانی دوای مەرگ ببەین، کە بەجۆریك لەجۆرەکان پشتراستکردنەوەی دێرە شیعری(سەعدیا مرۆڤی چاکەکار نامرێ هەرگین)ە کە لەمەبەستی شیعریی شاملودا ئەو چاکەکاریە پارێزەری ژیانە لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

بەر لەشیکردنەوەی بەشی دووەمی (لەدەروازەدا) لەشیعرەکانی شاملودا بەمشێوەیەی خوارەوە باس لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ دەکەین:

- سۆزیی مرۆیی لەشیعری شاملو لەکۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ
- شەخسیەتی مرۆیی لەشیعری شاملو لەژێر کۆمەڵێك لەواقعیەتەکانی ژیان دایە
- مرۆڤی شیعریی شاملو شیکەرەوەی ژینگەی مرۆڤی هاوچەرخە
- مرۆڤی شیعریی شاملوو ئەو کاریزمایەی کە ئەو ستایشی دەکاتو لەبەرهەمەکانیدا پەرەی پێدەدا، زۆر دژی نەداری، دادگەرانەو پڕجۆش‌وخرۆش‌و ئازادیخوازانەیەو لەو ڕێڕەوەدا، هەندێجار ئومێدەوارو زۆربەی جاران نائومێدە، بەڵام ئەو لەبچوکترین کلاورۆژنەی ئومێدیش غافڵ نییە. دیدگا کۆمەڵایەتیەکانی شاملو کاریگەرییکن لەتایبەتمەنیەکانی سەرەوە. ئەو دەڵێ"سەبارت بەوەی کە ئەوەی زەمینەی گشتی‌و دواجار زەمینەی سەرەکیی شیعری من پێکدێنێ، دەتوانم بەسادەیی بڵێم لەدێرزەمانەوە ژیانی من لەنێو نیگەرانی‌و دڵەخورپەدا چرپوەتەوە. بینینی نەداری‌و بێعەدالەتی لەهەموو ژیانی مندا، دێرەزمەی ئەو خەونانە بووە، کە لەبێداریمدا بەرۆکیان گرتووم..بیعەدالەتی کەلکەڵەی هەمیشەی من بووە، ئەو بێعەدالەتیە گەورەو بێبەزەییە کۆمەڵایەتیەی کە ملکەچکردن بەرامبەر گشت ئەشکنجەو ئازارەکان بەوشەی پووچ‌و بریقەدارەوە رەوایی پێدەدرێ.."

**"قسەی من ئەمەیە:**

دڵۆپەکان دەبێ بەئاگا بێن

کە بەهاوخەباتی دەتوانرێ بەسەر

رەوتی (تەقدیر) دا سەرکەویت

بێگومان نائاگاییە کە مرۆڤی ساکار والیدەکات

شکست‌و نوشستیەکان ناوبنێت تەقدیرو

چارەنووس بەشتێکی لەگۆڕاننەهاتوو دابنێ"

لەکۆتاییدا، شۆڕشی شاملو لەنێوان دوو ئەبەدیەتدا بەپاڵپشتی حەماسەیەتێکە، کە بەهەڵگرتنی پەیامی خۆی بەرامبەر بەمرۆڤ هەڵیدەگیرسێنێت‌و لێرەدایە کە شاملو دەگەیەنیت بەو کەلەپیاوەی کە ئامانجی ژیانی بریتیە لەرێزگرتن لەوانیدی لەوانەی کە دوور لەهەر نەژاد، رەنگ، ریبازو ئاینێك بەحوکمی مرۆڤبوونەکەیان لەم ئەستێرە پیرۆزەی، کە بامدادی شاعیر هەمیشە عاشقانە ستایشی دەکات لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە.

**لەیادیدا هەڵدەستینە سەر پێ:**

"ژیانکردن

و وەلایەتی بەرزی مرۆڤ

کرێۆشبردن بۆ خاك

ژیان‌و نواندنی پەرجوو،

دەنا

لەدایکبوونی تۆ جگە لەبیرەوەریی ئازاریکی بێهوودە

چیترە؟

هەر بەشێوەی مەرگت،

پەرجوو بکە پەرجووبکە

کە پەرجوو

تەنها

کاری دەستی تۆیە

ئەگەر دادگەر بیت..."

وەهای گوت (بامداد)ی ماندوو.

---

**سەرچاوە: ماهنامە گزارش/ ژمارە٢١٢**